# چاوی (CCTV) لەسەر دزەکانی بایسکیل لەسیتی سەنتەری پۆرتس مۆس (Portsmouth)

هۆکاری وەرگێرانی ئەم بابەتە سەرنجی راکێشام و چەند شتێکی بیرهێنامەوە، لەولاتی ئێمەدا بەرپرسەکان دەیانە وێت بۆخۆیان بن بە رێیەری دزەکان و سەروەتوو سامانی دانیشتوانی ولات دەست بەسەردابگرن و بیکەن بە ملکی خۆیان! بەلام زۆر بەداخەوە کە کۆمەلگای کوردستان کەوتۆتەبەردەستی چەند بێ ویژدان و نامەسئولێك. بەلام لەکۆمەلگا پێشکەتوخوازەکاندا بە پێچەوانەوەیە، هەر لەداهێنانی ئەم بابەتە کورتە ی کەمن وەرم گێراوەتە سەر زمانی کوردی دەتوانی جیاوازیەکی بەرچاو ببینی لە گەلْ کەسانی خاوەن دەسەلْت لە کوردستاندا نەك ئەوەی رێگە خۆشناکەن کەبەهرەداران تێبکۆش بۆئەوەی کە خەون و هیوایەتەکەیان بێتەدی و خزمەتێکی کۆمەلگابکەن ئەوەندەی کە دەتوانن . من دەتوانم ئەوەش بلێم کە ئینسانەکان رۆژانە تیرۆری شەخسی دەکرێن لەسەر سادەترین مافی ئینسانی خۆیان چ جای ئەوەی کە ئینسانێك بییەوێت پرۆژەیەکی ئینسانی دابمەزرێنێت بۆخزمەتکرنی کۆملگا لە کۆمەلگای کوردستاندا. ئەمەی خوارەوە پێش نیاری یەك پۆلیس ئۆفیسەرە (Officer Police) کە دەتوانێت گەورەترین خزمەت بە چەند شوێنێکی گشتی شاری پۆرتس مۆس (Portsmouth) بکات.

## چاوی (CCTV) لەسەر دزەکانی بایسکیل لەسیتی سەنتەری پۆرتس مۆس(Portsmouth)



لەسەرەتای مانگی 9 ی 2007 دا پۆلیسی مەدەنی شاری پۆرتس مۆس (Portsmouth) هەلْسا بەکارێکی شێلگیر بۆبەرگرتن لە دزینی بایسکیل لە سەنتە رەکانی شاردا, وەك زانگۆ, شارەوانی و شوێنی کاسب کاران.

تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی قوفلی بایسکیل کە چاودێرانی ( CCTV ) ئاگادار دەکاتەوە لە شار (Portsmouth) تاقی کراوەتەوە بە کردەوە.

کاتێك قفلەکان بەبایسکیلەکانیانەوەیە لە دەرەوەی کام پەکان (Campus) لەماوەی 20 خولەکدا خەتی هەوای (Automate) زەنگەکان ئاگادار دەگاتەوە. ئەگەر دزەکان لەهەولی ئەوەدابوون کە ئامێری هەستیاری لەبایسکیلەکان بکەنەوە، ئەوا ئامێری هەستیاریکەش ئاگاداری (CCTV) یەکان دەکاتەوە، وە کۆنتترۆلیش دەتوانێت زومی کامێراکە نزیك بکاتەوە. ئامێری هەستیاریش ئاگاداری دەنێرێت بۆکارمەندانی ئاسا یش، وە روەها لەگەلْ دەرکەوتنی وێنەکان راستەوخۆ دەردەکەون لەسەر کامێرای چاودێرکەرەکان. ئەم تەکنۆلۆجیایە وەها بەتەئسیرە دەتواندرێت کە بە پانتایی ولات (Nationwide) بەکاربهێنرێت لەلایە ن هێزەکانی پۆلیسەوە, وەکو زانکۆکان, شارەوانیەکان لەگەلْ شوێنی کاسب کاراندا.

ئەم بیرۆکەیە پێشنیاری (PC Dave Fairbrother) یە کە پۆلیس ئۆفیسەری (Police Officer) زانکۆیە.

(PC Dave Fairbrother) گوتی مانگی 10 خراپترین مانگ بوە بۆ دزینی بایسکیل لە شاری( Portsmouth) دا کاتێك کە خوێندکاران گەراونەتەوە بۆ زانکۆ. ئەوو تی دزینی بایسکیل گرفتێکی گەورە بوە لەرابوردودا. ئەوە بەختێکی باش بووە ئەگەر دزی بایسکیلە کە گیرابێت. کامێراکانی (CCTV) لەوانە بوو دەست نیشانی جێگایەکی هەلە بکات (بۆنمونە). بەلام لەگەلْ ئەم تەکنۆلۆجیایەدا ئێمە بە بەردەوامی ئێشکگر دەبین وەهەر هەولْ دانێك بۆدزینی بایسکیلە قوفلْ کراوەکان دەرئە نجامی گرتنی دزەکەی

لێ ده‌ كه‌وێته‌وه‌ وه‌ له‌ كامێرادا. من ده‌مویێت تاوان باره‌كان دووجار بیر بكه‌نه‌وه‌ پێش ئه‌وه‌ی بمان كه‌ نه‌ هه‌ده‌فی خۆیانه‌وه‌. من ده‌ مه‌وێت كه‌ ئه‌وان بیر بكه‌نه‌وه‌ كه‌ نه‌ چن به‌لا ی زانكۆدا, چونكه‌ زانكۆ ته‌نۆلۆجیایه‌كی زۆرباشی هه‌یه‌ بۆ گرتنی دزی بایسكیله‌كان.

(PC Fairbrother) هیواده‌خوازێت ئه‌و سیسته‌مه‌ی كه‌ له‌لایه‌ن ( SoS Response, Winchester) ره‌ وه‌ دروست كراوه‌, وابكات كه‌ ناوچه‌یه‌كی زۆری كه‌م په‌كه‌ بكاته‌ ناوچه‌یه‌گی قه‌ده‌غه‌ كراو له‌ دزه‌كان.

سیسته‌می ئاسایشی تازه‌ی بیسكیل تاقیكراوه‌ته‌وه‌ بۆ ماوه‌ی 3 هه‌فته‌ له‌ سیتی سه‌نته‌ردا, وه‌هه‌روه‌ها ئێستا ئاماده‌یه‌ راسته‌و خۆ كه‌ خوێندكاره‌كان ده‌ست ده‌كه‌نه‌وه‌ به‌ خوێندن له‌ زانكۆ له‌ هه‌فته‌ی ئاینده‌. ( ئه‌م ته‌كنۆلۆجیا پێشكه‌و تووه‌ وا ده‌كات كه‌ دزه‌كانی بایسكیل نه‌توانن بایسكیلی خوێندكاره‌كانی زانكۆ بدزن ).

(SoS Response Leonard Weaver) وتی چاره‌ سه‌ر كردنه‌ بۆ به‌ر گرتن له‌ دزه‌كانی بایسكیل بێ هاوتایه‌, ئه‌ مه‌ یه‌كه‌مینه‌ له‌ چشنی خۆیدا وه‌ توانایكی له‌ راده‌به‌ده‌ری هه‌ یه‌ بۆ به‌كارهێنانی چه‌ندجۆره‌شتێك.

وه‌رگێر له‌ ئینگلیزیه‌وه‌: شه‌ پۆل سعید / England
shapollsaid@yahoo.co.uk

وه‌رگێردراوه‌ له‌ رۆژنامه‌ی: 10 /2007/10
Portsmouth & Southsea

**Journal**